# شوناس و مۆری قەدەر لە شیعری

## (لەو شارە هیچ هەتاوێک شک نابەم)

هێمن مەردانی
(سوێد)

لەم وتارەدا ئاوڕ لە پارچە شیعرێکی بەیان عەزیزی دەدرێتەوە، کە شیعرەکانی ناوەرۆک و فۆرمی تایبەتی خۆیان هەیە و بۆ خوێنەری کورد ناسراون. لەو بەستێنەدا نووسەر بە قووڵبوونەوە لە بۆچوون و تیۆرییەکانی ئەلان پۆ و پۆل ئاستەر دەپەرژێتە سەر پارچە شیعرێکی خاتوو بەیان عەزیزی بە ناوونیشان و سەردێڕی (لای ئەو شارە هیچ هەتاوێ شک نابەم). لێرەدا هەوڵ دراوە لە توخم و ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەلان پۆ و پۆل ئاستەر بۆ شیکاریی ئەم شیعرە کەڵک وەربگیرێت، هەرچەندە ئەم شیعرە و شیعرەکانی تری شاعیر خوێندەوەی زیاتر هەڵدەگرن و دەکرێ لە زۆر ڕوانگە و بە زۆر تیۆری ئەدەبیدا لێکدانەوەیان بۆ بکرێ، بەڵام لەم نووسینەدا تەنیا ئاوڕ لەو دوو نووسەرەی جیهانی ئەدەبیی ئەمریکا دراوەتەوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** شوناس، کەشوهەوای گووتیک، پۆل ئاستەر، مۆری قەدەر. ڕوانینی کارەساتاوی، ئەلان پۆ.

### پێشەکی

دەکرێ وەک یەکێک لە سەرەکیترین ئامێرەکانی دەربڕینی هەست و سۆز و بیر و فیکری مرۆڤەکان بڕوانینە شیعر، هەر بۆیە بە سەرنجدان لە دەور و هێزی وشەیەل و وێنە شیعرییەکان دەکرێ

چەمکی جۆراوجۆری دەروونناسی و فەلسەفی و تاد.. بگوێزرێتەوە. تی. ئێس ئیلیەت شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی لەمەڕ گرینگایەتیی شیعر دەڵێت کە «شیعر بانتر و بەرەوژوورتره لە هەست و سۆزی تاکەکەسی، بە واتای ڕێگەیەک بۆ ڕزگاری لەو هەست و سۆزانە و کەسایەتیی خود دەجووڵێتەوە. ڕاستییەکەی شیعر کەرەستەیەکە بۆ ژیاندنەوە و گۆڕانکاریی تێگەیشتنی مرۆڤانە لە هەست و تەجرەبەکانی خۆی».(ئیلیەت، ۱۹۳۳:۱۵).

ئەم خەسڵەتانە بە تایبەتی لەو شیعرانەدا کە کەڵک لە تەکنیکی ئەدەبی و کەشوهەوایەکی ئاڵۆزکاو وەردەگرن، زۆر بە جوانی دیارە، هەر بۆیە یەکێک لەو لایەنە تایبەتییانەی کە لە بەشێکی زۆر لە شیعری هاوچەرخدا دەبینرێن دەکارکردنی کەشوهەوای گووتیک و ڕەگەزەکانیتی، ئەم کەش و فەزایە خاوەنی ئەو خەسڵەتانەیە، مەرگ، تەنیایی، نهێنیکاری، بوونی جیهانی ئەوپەڕ سروشتی و ئاڵوگۆڕە لەنەکاوەکان. لەوەها دۆخ و کەشێکدا کە وێنەگەلی ڕەش و نائومێدکەرەوە، تەنانەت سامناک دەخوڵقێنرێن. لەو ناوەدا ئەو شیعرانەی ناڕاستەوخۆ دەپەرژێنە سەر ئەو بابەت و فەزایە، دەکرێ ببنە بەستێنێک بۆ شیکاریی دەروونناسانە و هونەری.

هارۆڵد بلۆم لەو بارەوە نووسویەتی: «شیعر بە واتای شەقڵێکی هونەری بەردەوام لە گەڕان و دۆزینەوەی خوددایە، هاوکات کەرەستەیەکیشە بۆ چوونە سەرتر لە خود. شاعیری ڕەسەن کەسێکە توانایی ئەزموونی ئاڵۆزکاوییەکانی ناخی ئینسانی هەبێت، هاوکاتیش دەشێ بەرهەمەکانی بانتر و بەرەوژوورتر لە ئەزموونە تاکەکەسییەکانی ئەو بێت و بەم چەشنە دەرەتانی خوڵقانی شتێکی جیهانی بدات».(بلۆم، ۱۹۷۳:٤۲).



د. بەیان عەزیزی

بلۆم بە ئاشکرا ئەوە دەردەبڕێ کە شیعر وەک هونەر نەک تەنیا بەردەوامە لە گەڕان بە دوای خوددا، تەنانەت بە واتای کەرەستەیەکیش بۆ ڕزگاری لە خۆی و گەیشتن بە چەمکە جیهانییەکان دەجووڵێتەوە، لێرەدا شاعیر (بەیان عەزیزی) بە دەکارکردنی وێنەگەلی گووتیک و سیمبۆلەکانی وەک مەرگ، تەنیایی و ئاڵوگۆڕە لە نەکاوەکان پەرژاوەتە سەر کەند و کۆژی دەروونی و تەنگژە ڕەوانناسییەکان. لە لایەکی تریشەوە ئەو شیعرە بانتر لە دەربڕینی ئاسایی هەست و سۆزی تاکەکەس دەڕوات و لەگەڵ خوڵقاندنی کەشوهەوای گووتیک، دەپەرژێتە سەر بابەتەکانی تر و بە ڕاشکاوی ئاماژە بە دەستەواژەکانی تەنیایی، مەرگ و ڕزگاری لە خود دەکات.

## پاشخانی توێژینەوە

لەسەر ئەو بابەتانەی وەک کەشوهەوای گووتیک، هەناسەی شار، کەڵکەڵەی کارتێکەری و شوناس زۆر وتار و لەلایەن زۆر ڕەخنەکارەوە نووسراون.

بۆ لێکدانەوەی ئەو پارچە شیعرە ئێمە سەر ڕەگەزە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەدەبی پۆ و ئاستەر جەخت دەکەین. لەلای ئەلان پۆ ئەو ڕەگەزانە زۆرتر بریتین لە کەشوهەوای گووتیک، گرنگایەتی جۆری دەربڕین و گۆشەنیگاکانی لەمەڕ یەکێتیی هونەری و هێزی هەستیی شیعر، هەر بەو پێودانگەش بەرهەمەکانی دەپەرژێنە سەر نائومێدی و دەستەوەستان و ناسکی و تێکچوونی باری دەروونی مرۆڤەکان. توخمە سەرەکییەکانی فەلسەفەی ئەدەبیی ئاستەر، ئەو بابەتانە دەگرنە خۆ: شوناس، ڕیوایەت و نەبوونی ڕەهای وجوودی. ئەو نووسەرە کە لەبەر گەڕان لە بابەتگەلی وەک ڕێکەوت، هاوکاتی و کەندوکۆژ بۆ مانا لە جیهانێکی بێ بەقا دەناسرێتەوە، چوارچێوەیەکی گرنگ بۆ لێکدانەوەی ئەو شیعرەمان دەداتە بەر دەست.

## چوارچێوەی تیۆری ئەدەبیی گووتیک

ئەو ئەدەبە لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدە سەری هەڵدا و بەو ڕەگەزە سەرەکییانە دەناسرێتەوە، نهێنیکاری و ترس و بان سروشتی. بە پێی بەریتانیکا، ڕۆمانی گووتیک بە واتای چیرۆکگەلی ئاشقانەی شێوەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپایی بە کەشوهەوایەکی تژی لە نهێنیکاری و ترس پێناسە دەکرێت. (بریتانیکا،٢٠١٩)، جیا لەمەش ئەدەبی گووتیک بە گشتی لەو کەشوهەوایە کەڵک وەردەگرێت کە وەبیرهێنەرەوەی بیناسازی سەدەکانی ناوەڕاستە وەک قەڵا و کەنیسەکان تا زیاتر کەشەکە ڕەمزاوی و گوماناوی دەربخات. هەروەک زانستنامەی بەریتانیکا ئاماژەی پێ داوە وشەی گووتیک، واتە ئەو کۆمەڵە بینایانەی سەدەکانی ناڤین کە شوێن و مەکۆی ڕووداوی زۆر لە چیرۆکەکانن، کەواتە ئەدەبی گووتیک کەڵک لە تێکهەڵکێشکردنی ڕەگەز و توخمی ڕەمزاوی و سامناک، گۆشەنیگای دەروونناسانە و کەشوهەوای سەدەکانی ناڤین وەردەگرێت، بۆ خوڵقاندنی جۆرێکی جیاواز و هەمیشەیی کە سەرنجی خوێنەران بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت.

فرێد بەتینگ لە کتێبێکی خۆیدا بە ناوونیشانی گووتیک، دەڵێ کە ڕیواتە گووتیکەکان بە زۆری لەخۆداگری جوانیناسیی ترس و داگیرکردن، یان فەتح کردنن و جەخت دەکەنە سەر کاریگەریی ژانری گووتیک لەمەڕ هەڵخڕاندنی ئەو کردەوە هەستەکییانەی پێوەندیدارن بە ترس و وەستانەوە هەیە. (بەتینگ. ٢٠١٣-١-١٩).

## نائومێدی

نائومێدی و گۆشەگیری دوو بابەتی سەرەکی لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوان کە لە زۆربەی بەرهەمەکانی نووسەرە مۆدێرن و بوونخوازەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەم چەمکانە هەر بەتەنیا لایان لە دۆخ و هەلومەرجی تاکەکەسی و دەروونناسیی کەسایەتییەکان نەکردووەتەوە، بگرە پەرژاونەتە سەر قەیرانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیش. ئەو نووسەرانە بە شیکاریی دۆخی مرۆڤ لەو دنیا مایەپووچەدا، ئاوڕیان لەلایەنی دەروونناسیی ئەویش داوەتەوە و لەم ڕێگەیەوە لە بەرهەمەکانیاندا پەرەیان بەو چەمکانە داوە. باسی نائومێدی لە کۆمەڵە شیعرەکانی ئەلان پۆدا، بە تایبەتی لە نووسینەکانی ئەودا وەک بابەتێکی دووپاتە دەبینرێت. یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئەو شیعرانە بوونی قووڵ و بەردەوامی هەستی تەنیایی، خەمۆکی و نائومێدییە. ئەو هەستانە لە شیعرە بەناوبانگەکانی ئەودا وەک قاژوو (قالاو) و زەنگەکان بە ڕوونی ڕەنگیان داوەتەوە. (ئەلان پۆ، ٢٠٠٤).

## بوونخوازی

قوتابخانەیەکی هزریی فەلسەفییە کە دەپەرژێتە سەر ئەزموونی تاکەکەسی، بەرپرسایەتی، ئازادی و گەڕان بە شوێن مانا لەم دنیا مایەپووچ و بێ ئامانجەدا. ئاوڕ لە پرسیارە سەرەکییەکانی ژیان دەداتەوە و وەبیر مرۆڤ دێنێتەوە کە دەشێ خۆیان مانا و ئامانجی ژیانی خۆیان بنیاد بنێن، هاوکات ئەو قوتابخانەیە گەرەکیەتی کە ئینسانەکان خۆیان بەرەو ڕووی سەختی و تەنگژەی ئینسانیی وەک تەنیایی، دڵەڕاوکێ و ئازادی و ...تاد ببنەوە و چالاکانە و بە سەرنجدان بە هەلومەرجی خۆیان، ژیانی خۆیان هەڵبچنن. لەو ڕێبازە فیکرییەدا ژیانی تاکەکەسی، ئازادی ورە و بەرپرسایەتییە کەسییەکان چەقی ململانێکانن. (کامو، ١٩٤٢: ١-٣٠).

ئەو قوتابخانە فیکرییە لە وێنەی ڕەگەزەکانی نائومێدی و شوناسەوە لە کارەکانی ئەلان پۆدا ڕەنگیان داوەتەوە. کەسایەتییەکان لە بەرهەمەکانیدا بە گشتی کێشەی دەروونی و تێگەیشتنی هەڵەیان لە شوناس هەیە. ئەو بابەتە لە چیرۆکەکانی پشیلە ڕەشەکە و ڕووخانی خانەدانی ئاشێردا دەدیترێ، لەو بەرهەمانەدا کەسایەتییەکان ململانێ لە تەک جۆرێک لە بی مانایی ژیان و نەبوونی شوناسدا دەکەن، کە نموونەگەلی بەرچاون لە قوتابخانەی بوونخوازیدا. (پۆ. ١٨٤٣: ١٧٠-١٩٠) و (پۆ. ١٨٣٩).

## ڕوانینی کارەساتاوی

ئەو جۆرە ڕوانینە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی فەلسەفی و ئەدەبییە کە دەپەرژێتە سەر لایەنە ڕەشەکان، هەوڵی مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ چارەنووس و حەتمی بوونی شکان و شکست. ئەم چەمکە بە ڕاشکاوی لە بەرهەمەکانی شەکسپیر، ئیدگار ئەلان پۆ و پۆل ئاستەردا ڕەنگیان داوەتەوە. بە گشتی ئەو ڕوانینە ئاماژە بەو ڕەهەندانەی ئەزموونی ئینسان دەکات کە لەوێدا کەسایەتییەکان بە زانیاری لەگەڵ بەرتەسکبوونی هێزی خۆیان تەک ڕاستیی تاڵی ژیان بەرەو ڕوو دەبنەوە و زۆربەی جاریش لەو گۆڕاییەدا تامی تاڵی شکان و بەربوونەوە دەچێژن.

ئارسەر میلەر لەو بارەوە بەو شێوەیە دەنووسێت کە ڕوانینی کارەساتاوی تەنیا هی قارەمانە مەزنەکان نییە، بگرە زۆر جار کەسانی ئاساییش دەگرێتە خۆی. لە درێژەدا دەڵێت کاتێک هەستی خەماوی داماندەگرێت کە لە کن کەسێکدا بین بۆ کەرامەت و کیانی خۆی ئامادەیە گیانی ببەخشێت. (میلەر، ١٩٤٩: ٣-٧).

ڕوانینی کارەساتاوی لە نووسینەکانی ئاستەر بە زۆری سەرچاوەکەیان بۆ گەڕان بۆ بابەتە جەوهەرییەکانی بوون دەگەڕێتەوە، هەستیاری پێوەندییەکانی مرۆڤ و ناوەرۆکی نادیاری ژیان. چیرۆکەکانی ئەو بەردەوام دەپەرژێنە سەر ئاڵۆزکاوییەکانی شوناس، بەخت و نەبوون و هاوکات تێگەیشتنێکی قووڵ لە لاوازیی ئینسان دەردەخەن. کەسایەتییەکانی ئاستەر زۆربەی جاران گیرۆدەی ئەو دۆخ و هەلومەرجانە دەبن کە هەوڵدانیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ مانا، یان بەدەستەوە گرتنی ژیان لەلایەن ئەو هێزانەی بانترن لە تێگەیشتن، یان دەستەڵاتی ئەوان، ناکام دەمێنێتەوە. ئەو ناوەرۆکە دووپاتەیە پێداگری لەسەر جۆرێک لە نائومێدی بوون دەکاتەوە کە هاوکاتیشە دەگەڵ ئەو ساتانەی هەڵگری جووانیی قووڵ، یان پێوەندی ئینسانین و دووانەیی ئەزموونی مرۆڤانە زەق دەکاتەوە.

لەو پێوەندییەدا ئاستەر لە کتێبی لڤیاتان، یان حەزیای زەریایی بەم شێوە دەنووسێت: لە مەودای پازدە ساڵدا زاخس لە لایەکی وجوودی بۆ ئەملای وجوودی گەشتی کرد، تا ئەو کاتەی گەیشتە خاڵی کۆتایی، گومانم هەیە تەنانەت ئەو بزانێ کە خودی خۆی کێیە؟ (ئاستەر. ١٩٩٢:١٥).

## لێکدانەوەی پارچە شیعرەکە

ئەو شیعرە شیعرێکی خەماوی و خەمهێنەرە، کە لەودا باسی مەرگ، جیابوونەوە و هەستی نامتمانەیی زەق و بەرچاون. گۆشەنیگای خەماوی لەو شیعرەدا سەرچاوەکەی لە نەبوونی تێگەیشتنی وجوود و ونبوون لەو دنیایەدایە. شاعیر بە چرکاندنی وێنەگەلێک وەک «کە شەوانە من بێ ئێسقان تێدەپەڕم و دەگریم» و «پیاوی بێ باڵندە» دەپەرژێتە سەر هەستی بێکەسی و کەموکورتی لە ژیاندا. هاوکات ئەو دێڕانەش زۆر بە قووڵی ئاماژە بۆ هەستی نەبوون و جیایی دەکەن، «ئەڵقەکەت دانێ و لە کراسە چۆڵەکەمدا بگری». هەر لەو بارەوە ئارنۆڵد توینبی دەنووسێت: هەستی تراژیکی ژیان، هەستی لە کیسدانە، تێگەیشتن لەمە کە گشت هەوڵەکانی مرۆڤ دەکەونە بەر لەناوچوونێکی دیار». (توینبی. ١٩٦١).

بۆ وردبوونەوەی زیاتر دەپەرژێینە سەر شیعری بەناوبانگی ئێدگار ئەلان پۆ بە ناوی قاژوو، یان قالاو. پۆ بەم شێوە دەست پێ دەکات. **«شەوێکی سامناک، شەکەت و غەمگین، نوقمی جۆرێکی سەیروسەمەرە لە زانستێکی لەبیرەوەچوو، لە سنووری خەو و بێداری، لە پڕێک دەنگی تەقە تەقی دەرگە هات، وەک ئەوەی کەسێک هێواش لە دەرگە بدات. لەسەرخۆ وتم: «ناسیاوە کە لە دەرگە دەدات، هەر ئەوە و هیچی تر»**. (ئەلان پۆ، ٢٠٠٤).

ئەو دێڕانە دەربڕی دۆخی ڕوحێکی ڕەنج دیتوو و غەمگینی کەسایەتییەکەیە. ئەوە بەتڵێک لە شەو لای داوە، ئەو نوقمی کێشەکانی ژیانە هەروەک لە شیعری (بەیان عەزیزی) دا، کەسایەتی ناو شیعرەکە خەریکی گریان و ڕۆچوون بە ناو تەنیایی و ئازارەوەیە. لە درێژەدا ئالان پۆ دەستەواژەی هیچی تر بەکار دەهێنێت، بە واتای وەستانی تەواوی ئاوات و هیواکان و کۆتایی بە هەر جۆرە هەوڵدانێک بۆ لەبیر کردن. ئەم دەستەواژەیە بۆ کەسایەتیی سەرەکی هەڵگری حوکمێکی تراژیکە کە لە ڕووبەڕووبوونەوە تەک خەم و لە دەستداندا دەمێنێتەوە.

لە بەرهەمەکانی پۆل ئاستەر چەمکگەلی هاوشێوە لە گۆشەگیری و تەنگژەی شوناس بەدی دەکرێن. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە لێدوانێکی بەناوبانگ بکەین کە لە کتێبی «نەدیتراو/ نەبەدی»ی ئاستەردا هاتووە کە پێوەندە دەگەڵ قەیرانی بوونی. **«تۆ ناتوانی بگەڕێیتەوە بۆ ماڵ، ناتوانی بچیتە هیچ شوێنێک، چونکە جێیەک نییە، تۆ ونبووی، ونبوو لە ناو دنیا. ونبوو لە ناو زەمەندا، ونبوو لە بەتڵێک لە شەودا»**. (ئاستەر، ٢٠٠٩). ئەو دەربڕینە بە ڕاشکاوی هێمایە بۆ دۆخی بێکەسی و ونبوون، هاوشێوە لەگەڵ وێنە شیعرییەکانی (بەیان عەزیزی)دا. کەسایەتییەکان لە نووسینەکانی ئاستەردا تووشی تەنگژەی شوناس و نەبوونی دەبن، هەروەک چۆن لە دێڕە شیعرییەکانی (بەیان عەزیزی)دا کەسایەتییەکە لە گەڕان بە دوای شوناس و گەیشتن بە ڕاستیدایە.

**لای ئەم شارە هەتاوێک شک نابەم بیسپێرمە هەناسەکانت.** ئەو دەسپێکە دەربڕی هەستی تەنیایی

و نائومێدی لە تیشکی خۆر و تینی گەرمای ژیانە. تیشکی خۆر کە هێمای هێز و ئومێدە و ئەم بێ توانایی و بێ دەستەڵاتییە لە دۆزینەوەی، دەرخەری بێ ڕوحی و وشکایی کەشوهەوای کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییە. لە لایەکی ترەوەش مانای نەبوونی ئومێد و پاڵپشتی دەگەیەنێت، هاوکات قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە، واتای بەشێک لە چارەنووسیشی تێدا حەشار دراوە، **کە شەوانە من بێ ئێسقان تێدەپەڕم و دەگریم**. ئەو بەشە هەستی گۆشەگیریی قورس بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە. شاعیر خۆی بێ شوناس و فۆرم (بێ ئێسقان) دەبینێت کە لە دنیای بەتاڵدا بێ ئامانج دەسووڕێتەوە.

«گریان» هێمایە بۆ بێدەستەڵاتی و لاوازی بەرانبەر بە کێشەکانی ژیان. دواجار «بێ ئێسقان» زمانحاڵی شکان و بێ پشت و پەناییە لە بەرانبەر چارەنووسدا، بەڵام شاعیر لە جیاتی حاشاکردن، یان بەربەرەکانێ ئەم دۆخە قبووڵ دەکات. **کافێکان نە قەبارەی ژن و نە شیعرەکانی لۆرکا**. لێرەدا شاعیر باس لە دژایەتی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەکات. بۆ وێنە کافێ و بارەکان کە بە گشتی شوێنێکن بۆ باسوخواس و کات بە سەر بردن، لە ڕوانگەی شاعیرەوە ناتوانن وەک ژنان، یان شیعرەکانی لۆرکا کە تژی لە هەست و سۆز و هونەرن، ئەو بایەخ و جوانییەیان هەبێت.

**هەوا تا بڵێی غەریبە، پیاوی بێ باڵندە**، ئەمە وێنەی کەسێک پێشان دەدات کە بێ ئامانجە و توانایی هەڵفڕینی نییە. پیاوی **«بێ باڵندە»** دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی جموجووڵ و لاوازی لە دەستەبەرکردنی ئاوات و ئازادیی، کە بە تایبەتی لە شیعرەکانی ئەلان پۆدا ڕەنگیان داوەتەوە. بە چاوخشاندنێک بە شیعری قاڵاوی ئەلان پۆ و هەڵسەنگاندنی تەک ئەو شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لێرەدا کەشوهەوای خەماوی و بزربوونی توخمگەلی زاڵن. کەسایەتییەکان سەرقاڵی ململانێن لە تەک قەیرانگەلی دەروونی خۆیان و بێکەسی لە دنیا ڕەشەدان. هەرتکیان بە جۆرێ لە گەڕان بە دوای مانای ژیان و هەوڵدان بۆ دەربازبوون لەو دۆخە تراژیکەدان، بەڵام بە ئاواز و دەربڕینی جیاواز.

شیعری بەیان عەزیزی زۆرتر قورسایی خستووەتە سەر لاوازی بۆ دەربازبوون لە دۆخی هەنووکەیی و هەستی ونبوونی، لە کاتێکدا لە شیعری قاڵاو، کەسایەتییەکە بەرەوڕووی چارەنووسی خۆیەتی و هەوڵ دەدات تا دەربازی ڕەنج و ژانەکانی ڕابوردووی بێت، هەرچەندە زۆربەی جاران بە بیستنی وشەی هیچی تر لە قاڵاوو، دیسانەوە نوقمی زەلکاوی نائومێدی دەبێتەوە. **ڕۆژەکان پێوە بدە، من بسپێرە پێستم**، ئەمە بە شێوازێکی سیمبۆلیک، واتە تەسلیمبوون بەرانبەر بە ژیان و بارودۆخە.
«پێست» هێمایە بۆ شوناسی تاکەکەسی و ئەسپاردنی خود بە ئەو، واتە تەسلیم لە هەمبەر ڕاستییەکانی ژیان و دنیای دەرەوەدایە.

ئەو شیعرە دەرخەری تەنگژە ڕوحییەکان و بزربوونی کەسایەتییە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان شێوازی کارەکانی ئەلان پۆ و پۆل ئاستەری تێدا بەدی دەکرێت. **ڕۆژەکان پێوە بدە**، خوازەیەکە لە کۆتایی، یان لە کیسدانی کاتە خۆشەکان. دووپاتکردنەوەی ڕستەگەلی نەرێنی و بێ توانایی لە دەربازبوون، هاوشێوەی دووپاتبوون لە کتێبەکانی ونبوو، نەدیترا/ نەبەدی و قاڵاون. ئەم شیعرە بە جۆرێک دەرخەری ڕۆمانتیزم و پۆست مۆدێرنیزمە. لەو ڕوانگەوە کە بەیان عەزیزی لە شیعرەکەیدا پەرژاوەتە سەر قەیرانگەلی شوناس و دنیای ڕەش و مایەپووچ، هەر بۆیە کارتێکەریی ئەو

دوو قوتابخانەیە بە سەر ڕەوتی ئەو شیعرە کوردییەدا دیارن. **ئەڵقەکەت دەربێنە و بیر لە مانگ بکەوە**. لێرەدا ئەڵقە دەتوانێ نیشانەیەک بێت لە بەرپرسایەتی و پێوەندییەکانی مرۆڤ. ئەو داوایەی شاعیر دەیکات کە ئەڵقەکەت دەربێنە و بیر لە مانگ بکەوە، وەک ئەوە وایە کە بانگت بکەن بۆ دووری گرتن لەم دنیا ماددییە و ڕۆیشتن بەرەو ئاوات و خەونەکان. **هەندێک جار دەبێتە پاپۆڕێک لە بادا، ناگەیتە نە بەندەر و نە هێڵەکانی جەستەی**. ئەم وێنەیە بە جۆرێک دەربڕی سەرلێشێواوی و بێ ئامانجییە. پاپۆڕێک کە لەناو زەریا دەئاژوێت بێ ئەوەی بگاتە مەنزڵ، یان ئامانجیکی تر دەستەبەر بکات، خوازەیە بۆ کەند و کۆژی بێ کۆتایی، بۆ مەنزڵ لە دنیای ئەوڕۆییدا.

لێرەدا شاعیر بە شێوە و شەقڵێکی جوان دەپەرژێتە سەر چەمکی مۆری چارەنووس. پاپۆڕێک کە لەناو زەریادا سەری لێ شێواوە، هێمای ئەو مرۆڤانەیە کە بە ناچاری کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو هێزانە کە بەدەر لە دەستەڵاتی خۆیانە، واتە چارەنووس، یان قەزا و قەدەر. **ئێستا لە گۆرانییە قەدیمییەکاندا بمخوێنە کە پڕ بێت لە ڕۆیشتن**. لێرەدا شاعیر ئاماژە بۆ پێوەندی نێوان زەمان و یادەکان دەکات. **«گۆرانییە قەدیمییەکان»** کە دەلالەتن بۆ ڕابوردوو، دەچنەوە سەر کەسێتی شاعیر و ئامانجە ڕزگاریخوازانەکەی. **«پڕ بوون لە ڕۆیشتن»**، دەکرێ وەک چەمکی دەربازبوون لە بەرتەسکییەکان و بەستراوەیی بە کاتەکانی ڕابوردوو و ئامانجە ئازادیخوازەکانەوە سەیر بکرێت. **بەو چرپەیە بانگم بکە کە ئێوارەکانی بڕی**، ئەمە دەپەرژێتە سەر هێزی کاریگەربوونی هونەر و کەلامی شاعیر. ئەو چرپەیە کە دەتوانێ لەسەر ئێوارەکان شوێن دانەر بێت، بە مانای گۆڕانی بارودۆخەکان و بڕینی ڕۆتین و شتگەلی ڕۆژانە و دووپاتەیە. **لەمسم بکە، لە کۆتایی نووسراوێکدا کە دەبێتە دارستان**. لەمس کردن و بوون بە دارستان، جۆرێ گشتگیربوونی هەست و سۆزە و بوون بە هێزێکی سروشتی و دارماڵ لە ژیان و گۆڕانکاریی دەروونییە.

ئەم وێنەیە بە واتای گۆڕانی ساتێکە بۆ گردوکۆیەکی فراوانتر، ئاشێرەیەک لە وەرگرتنی ڕەوتی سروشتی ژیان و قەزاوقەدەر لە دیمای گردوکۆیەکی یەکدەست و لەبار. **ئەڵقەکەت دانێ و لە کراسە چۆڵەکەمدا بگری**. ئەو وێنەیە لە ئەنجامدا باس لە هەوڵ بۆ گرێدانی جەستە و ڕوحی ئینسانی دەکات. کراسی بەتاڵیش بە مانای نەبوونی شوناس و پووچییە کە لەودا کەسەکە خۆی بە تەواوەتی ناوبۆش و بەتاڵ لە مانا دەبینێتەوە. ئەو پارچە شیعرە بەو وێنەگەلە قووڵ و ئاڵۆزکاوانە لە دوورەپەرێزی، گەڕان بە شوێن شوناس و ئازادی و ناڕازیبوون لە دۆخی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی مرۆڤی مۆدێرن بەرەو ڕوویە.

شاعیر هەوڵ دەدات تا چەمکە هەستیار و قووڵەکانی ئینسانی لە ڕێگەی ئەو وێنە شاعیرانەیەی کە لە سروشت، پێوەندییە ئینسانییەکان و هەست و سۆزی ناخی خۆی دەیانخوڵقێنێ، بە خوێنەر نیشان بدات. شاعیر لەو بەشەدا بە پیری نەبوون و تەنیاییەوە دەچێت. دەرهێنانی ئەنگوستیلە، یان ئەڵقە وەک هێمای پێوەندی و گریان لە سەر کراسی بەتاڵ، وەک هێمای نەبوون، یان کۆتایی بە مانای وەرگرتنی قەزاوقەدەر و ئەزموونی ئەوە بێ هیچ حاشاکردنێک.

لە بەشە جیاجیاکانی ئەو پارچە شیعرەدا، شاعیر ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاشێرە بۆ مۆری قەدەر،

یان چارەنووس دەکات و قامک ڕادەدێرێت. مۆری قەدەر لە ڕوانگەی شاعیرەوە لە دیمەنی بڕواهێنان بە فانیبوونی ئەم دنیایە، جەختکردنەوە لەسەر هۆکارە بەهێزەکانی ناسروشتی و توانایی هەڵکردن و ژیان لە ناو دڵی دژبەیەک و سەختییەکان ڕەنگیان داوە و پەنگیان خواردووەتەوە. شاعیر بە باوەشی ئاوەڵاوە دەڕوانێتە لایەنە غەمبار و خۆشییەکانی ژیان و بە شێوەیەکی فەلسەفی بە کۆی جیهان و کاکێشان بەڵێ دەڵێت. وەک چۆن ئەلبێر کامو لە نووسینەکەیدا بە ناوی «ئەفسانەی سیزیف» ئاوڕ لە دیاردەی مۆری قەدەر دەداتەوە و پەرە بەم چەمکە دەدات.

ئەو بڕوای وایە کە سیزیف تاوانبارە بە دووپاتکردنەوەی کارێکی پووچ و بێ مانا، ئەوەش خۆی لە خۆیدا یانی تەسلیم و ڕازیبوون بە بەخت و قەدەر، بەم شێوەیە دەنووسێت **«ئێمە دەبێ سیزیف بە کەسێکی شاد و خۆشحاڵ دابنێین»**. (کامو.١٩٤٢:١٢٣). ئەو ڕستەیە واتای ئەمە دەگەیەنێ کە نووسەر، تەسلیمبوون بە پووچی و مایەپووچبوونی دنیا بەوە لێک دەداتەوە کە مرۆڤ کاتێک تێگەیشت هیچ مانایەکی ئەزەلی و هەتاهەتایی بوونی نییە، ڕزگار دەبێت، چونکە ئیتر بیر لە گەڕانی بێکۆتایی و ئەو نائومێدییەی لەو گەڕانە بێ ئاکامە تووشی دەبێت ناکاتەوە. ئا لەو کاتەدایە کە ئەو دەتوانێت واتا بۆ ژیانی خۆی بخوڵقێنێت و هەر لەو ڕێگەیەشەوە شادی و خۆشی دەستەبەر بکات، تەنانەت لە سەختترین بارودۆخی ژیاندا.

### ئەنجام

پارچە شیعری (لەو شارە هیچ هەتاوێک شک نابەم)، لە ڕوانگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دوو سیمای ناسراوی جیهانی خوێندنەوەیان بۆ کرا. ئەو قوتابخانە هزری و فیکرییانەی ئیدگار ئەلان پۆ و پۆل ئاستەر لە بەرهەمەکانیاندا دەکاریان کردوون و کەڵکیان لێ وەرگرتوون. لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیی باسکراودا، توخم و ڕەگەزە سەرەکییەکانی وەک کەشوهەوای گووتیک، شوناس و گەڕان بە دوای واتادا، مۆری قەدەر، نائومێدی، بوونخوازی، ڕوانینی کارەساتاوی و خەمی کارتێکەری درانە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، هەروەها لە خوێندنەوەی ئەو پارچە شیعرەی (بەیان عەزیزی)دا دەوور و نەخشی ئەو فاکتەرانە و کاریگەرییان لەسەر شیعری (لەو شارە هیچ هەتاوێک شک نابەم) بە وردی و تێروتەسەلی ڕاڤەیان بۆ کرا و باس لە لێکچوواندن و هاوشێوەیی هەندێک لەو چەمکانە لەم کارەی (بەیان عەزیزی)دا کران.

لەم نووسینەدا جیا لە دەستنیشانکردنی ڕەگەز و وێنە هاوشێوەکان، هاوکات پێداگریش لەسەر سەربەخۆیی سەبک و شێوازی داهێنەرانەی شاعیریش کرایەوە، واتە توخمی داهێنان و ڕەسەنایەتی لەو پارچە شیعرەدا زۆر بە جوانی و ڕوونی خۆیان دەردەخەن.

شاعیر بە شێوەیەکی کارامە توانیویەتی بیر و هزر و هەست و سۆزی خۆی لە ڕێگەی ئەم وێنە شیعرییانەوە بداتە دەرەوە و هاوکات ڕەنگدانەوەی شێواز و دەربڕینی تایبەتی و ڕەسەنایەتیی خۆی دەربخات. ئەوە لە کاتێکدایە شیعرەکانی (بەیان عەزیزی) هاوکات ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی خۆیەتی و زمانحاڵی ڕەنج و مەینەتیی ژنانی کوردە، لەلایەکی تریشەوە بە بەکارهێنانی ئەو کەشوهەوا تایبەتە و کەڵک وەرگرتن لە قوتابخانە فیکرییە پێشڕەوە ئەدەبییەکان، توانیویەتی ئاستێکی بەرز لە هونەری ڕەوایی و ڕەوانبێژیشدا پێشکەش بکات. زۆر لە ڕاستیش دوور نییە

ئەگــەر بڵێیــن شــیعرەکانی (بەیــان عەزیــزی) شــان لــە شــانی شــیعرەکانی ئەنــا ئەخماتۆڤــا و کاریــن بۆیــە دەدەن و ڕەنگــە لــە هەنــدێ بــوار و گۆشــەنیگاوە لــەوان لەســەرتریش بــن.

**References:**

Auster, P. 1992. Leviathan. Published by Viking Press, p. 15.

Auster, P. 2009. Invisible. Viking Press, 2009.

Bloom, H. 1973. The Anxiety of Influence: A Theory of Poetry. Published by Oxford University Press.

Botting, F. 2013. Gothic. Published by Routledge,

Camus, A. 1942, The Myth of Sisyphus. p. 123-155

Eliot, T. S. 1920. The Sacred Wood: Essays on Poetry and Criticism. Published by Methuen. Pp 14-16.

Encyclopedia Britannica. 2019. «Gothic Literature.» Encyclopedia Britannica, Inc.

Miller, A. 1949.Tragedy and the Common Man. Published in New York Times, Pp 3-7.

Poe, E. A. 2004. The Essential Tales and Poems. Published by Sterling Publishing.

Poe. E.A. 2004. Selected Poems.

Poe, E. A. 1843. «The Black Cat.» The Saturday Evening Post, August 19.

Poe, E. A. 1839. «The Fall of the House of Usher.» Burton›s Gentleman›s Magazine.

Toynbee, Arnold J. 1961. A Study of History. Multiple volumes, published by Oxford University Press.

* توێژەری دوکتۆرا / ٢٠٢٥.